## نوسینگەی راگەیاندن
## لێدوانی رۆژنامەوانی

# ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژمارەی قوربانیان لە عیراق لە مانگی ئابی ٢٠١٧

**بەغدا،عیراق ١ ی ئەیلوی ٢٠١٧-** بە پێی ئەو ئامارەی ئەمڕۆ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق(یونامی) بڵاوی کردۆتەوە ، لە دەرەنجامی کردەوە توندوتیژی و تیرۆرستی و پێکدادانی چەکداری کە لە مانگی ئابی ٢٠١٧دا روویانداوە، 125 هاوڵاتی عیراقی کوژراون و 188 کەسی دیکەش بریندار بوون.

ژمارەی کوژراوانی مەدەنی بۆ مانگی ئاب (کە پۆلیس ناگرێتەوە) 116 کەسە و ژمارەی برینداره‌کانیش (کە ئەویش پۆلیس ناگرێتەوە) 181 کەسە.

لەو ژمارەیە لە پارێزگای بەغدا، کە بەرکەوتەترین پارێزگایە، 180 مەدەنی بوونەتە قوربانی 45 کوژراو و 135 بریندار) . دوای ئەو پارێزگای نەینەوا دێت کە ئامارەکانی برتییە لە 36 کوژراو و 18 بریندار و ئاماری پارێزگای سەلاحەدینیش بریتییە لە 4 کوژراو و 24 بریندار.

یونامی نەیتوانی ئاماری قوربانیانی مەدەنی لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئەنبار وەربگرێت.

لای خۆشیەوە ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق یان کوبیش ئیدانەی بە ئامانجگرتنی هاوڵاتیانی مەدەنی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کرد وتی " تیرۆریستانی داعش بێزێیەکی ڕەهایان بەرامبەر ژیانی مرۆڤەکان نیشان دا ، تیرۆریستان بێ شەرمانە و بە شێوەیەکی هەرەمەکی هاوڵاتیانی مەدەنی دەکەنە ئامانج ، نوێترینیان لە سەرەتای ئەم هەفتەیە لە بەغدا بوو ، مەبەستیان لەم کردەوانەش تۆڵە کردنەوەیە لەم تێکشکاندنەکانیان لە بەرەکانی جەنگ کاتێك تەلەعفەریان لە ژێر کۆنترۆڵ نەما . سەرەرای ئەمانەش ئارامی و خۆڕاگری گەلی عیراق ئامانجی تیرۆریستان لەتێکشکاندی یەکریزییان لەگۆڕ نا .

**روون کردنەوە:** بە شێوەیەکی گشتی، یونامی رێگەی پشتڕاستکردنەوەی ئامارەکانی لە ناوچەکانی شەڕدا لێگیراوبوو. هەر بۆیە ئامارەکانی رەنگە راستی و دروستی ژمارەکان دەرنەخەن بەهۆی نالەباری باری ئەمنیی و پچڕانی خزمەتەکانەوە. یونامی لە هەندێ حاڵەتدا تەنها توانیویەتی کە هەندێك لە رووداوەکان بە شێوەی هەندەکییانە (ناتەواو) پشتڕاست بکاتەوە.

هەروها یونامی چەندان ژمارەی گەورەی سەبارەت بە قوربانییان وەرگرتووە کە باس لە مردنی چەندان کەس دەکەن بەهۆی کاریگەرییە لاوەکییەکانی توندوتیژییەوە لە کاتی جێهێشتنی ماڵوحاڵیان وەك بەهۆی توشبوونیان بە چەکداران یان بێ ئاوی و بێ خۆراکی و یانیش نەبوونی دەرمان و چارەسەریی پزیشکی بێ ئەوەی بتوانێت پشتڕاستیان بکاتەوە. لەسەرەتای کردە سەربازییەکەی موسڵ و ناوچەکانی تری نەینەواشەوە، یونامی چەندان راپۆرتی سەبارەت بە قوربانییانی مەدەنی بەدەست گەیشتووە بەڵا نەیتوانی لە کاتی خۆیدا پشتڕاستیان بکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیانە ژمارەکان پێویستە بە لانیکەم وەربگیرێن.

یونامی بۆ ئەم مانگە نەیتوانی ئاماری قوربانیانی مەدەنی لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئەنبار وەربگرێت

* * * *

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نوسینگەی راگەیاندن و تەبێژی (یونامی) بەڕێز سەمیر غەتاس بە ئیمێلی ghattass@un.org یان unami-information@un.org یانیش بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١